# چنینەوەی شەو

کەریمۆک



هێدی هێدی
خەو دەمباتەوە..
باوەش بە تەناییدا دەکەم و مت دەبم
دەنگێک وەئاگام دێنێتەوە
پەیکەرم و چاوەکان دادەگیرسێن
تەنیاییم لێ دەچۆڕێ و
پەرە کاغەزەکانی بەردەمم
تەڕ دەبن

ئارەق لەو دێڕانە دەتکێ
کە باس لە خۆشبەختی پیاوێک دەکەن
درۆ لەو دێڕانە دەڕژێت
کە باس لە بردنەوە دەکەن
پیاوێک سەراپای ژیانی
تەنانەت خەون و خولیاکانی
پڕن لە وەهم
وەهمی سەرکەوتن و سەرفرازی.
هێدی هێدی
وەئاگا دێمەوە..
خەو دەمباتەوە..
هەر وشەیە و ئۆغر دەکا
هەر دێڕە و بەسەر یەکدا ڕماوە
کۆ ناکرێنەوە
ئەو هەموو درۆیە کۆ ناکرێنەوە
ئەم ناوە پڕ دەبێت لە ئارەقی پەشیمانی
جەنگ هەڵدەگیرسێ
سەربازەکان نغرۆ دەبن
لە تەڕیەتی ڕژاو
کۆ ناکرێنەوە پارچەکانی شکست
نغرۆ دەبن سەربازەکان
لە نەخشەی پڕ لە خۆشنوودی
لە قاقای پڕ لە حوزن
لە سەرکەوتنی پڕ لە شکست
وەئاگا دێمەوە..
سەربازە چکۆلەکانی
بێ سەروبەرترین جەنگ
نغرۆ دەبن
لە فرمێسکی ئەو دروشمانەی
خەڵتانی تەنیایین و
بارگاوین بە هیچ
خەو دەمباتەوە و باوەش بەتەنیاییدا دەکەم
وە ئاگا دێمەوە
تەنیا خۆم و خۆم
دووکەڵی جگەرە و
چەند کاغەزێکی
سپی تلیساو لە شەو
دەچنمەوە.